## راگەیاندنی کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپەین بۆ ئازادیی د.کەمال سەید قادر

ئێمە لە 25-12-2005 ، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییدا بە ئامادەبوونی دەیان کەس لە رەوەندی کوردیی لە شاری سیدنی-ئوسترالیا، کۆمیتەیەکمان پێک هێنا بۆ پەیوەست بوون بە کۆمیتەی سەرپەرشتیکاری کەمپەینە سەرتاسەرییەکەوە بۆ ئازادکردنی د.کەمال سەیید قادر . ئەم کۆمیتەیە لەمەودا هەڵدەستێ بە رێکخستنی نارەزایەتییەکان بە شێوازی گونجاو و دیپلۆماسیی دژ بە بریاری دادگای هەولێر و دەسەلاتی پارتیی دیموکراتی کوردستان لەمەر 30 زیندانییکردنی "د.کەمال سەیید قارد"دا.

سەرەتای کارەکانمان ، لەسەر داخوازی زۆربەی بەشداربووان و نوێنەرانی لایەن و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ، چەند داخوازییینامەیەک ئاراستەی سەرۆکی نێوەندە سیاسییەکانی کوردستان دەکەین بۆ دەستەبەجێ ئازادکردنی د.کەمال سەیید قادر و بەشوێن ئەوانەشدا ، هەوڵ دەدەین پێوەندیی بگرین وەک کۆمیتەکە لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ، بەتابیەتی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و رێکخراوی مافی مرۆڤ و خاچی سوور و رێکخراوە کرێکاریی و چەپ و رێکخراوە خوێندکارییەکان....هتد لە ئاست ئوسترالیادا و گرێدانەوەی بە کۆمیتەی سەپەرشتیاری گشتیی کەمپەینەکە .

کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپەین بۆ ئازادیی د.کەمال سەیید قادر
2005-12-27

ئەندامانی کۆمیتەکە :

1- فەیسەڵ عەزیز
2- وەلید مزووریی
3- نەهرۆ جەلال شێرە
4- ئەمین حەسیب
5- دلاوەر
6- د.پشتیوان عەبدوڵا
7- خەتاب سابیر

سەرپەرشتیاری ئەم کۆمیتەیە د.پشتیوان عەبدوڵایە ، لەرێگای ئەم ئیمەیڵەوە دەکرێ پەیوەندیی بە د.پشتیوانەوە بکرێ. renwanrreben@aol.com
یان لەرێی تەلەفۆنی 0402431193